## ئاوابوونی ئەستێرەیەکی داهێنەر

# داگلاس ئینگلبارت داهێنەری

ئەوانەی کە لە ماوەی 20 ساڵدا کاریان بە کۆمپیوتەر کردبێت، دەزانن ماوس وەك ئامرازێکی گرنگی کۆمپیوتەر سەیر کراوە، لە راستیدا بەبێ ماوس نەکراوە سوود لە کۆمپیوتەر وەربگیرێت، ئامرازێك کە بۆتە ستاندەری گشت کۆمپیوتەرەکان، تەنانەت پاش تێپەڕینی دوو دەیەش هەروا گرنگی خۆی پاراستووە. داهێنەری ماوس کەسێك نەبوو جگە لە داگلاس ئینگلبارت (douglas engelbart) کە رۆژی چوارشەممە 3/7 لە تەمەنی 88 ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. ئنیگلبارت کە ئەو ئامێرەی داهێنا بە ناوی "X-y position indicator واتە دیاریکەری شوێنی ئیکس و وای بەرهەمی هێنا، بەڵام ئەندازیارییەکی دیکە ناوی ماوسی بۆ هەڵبژارد. ناوبراو تەنیا ماوسی دانەهێنا و بەڵکو لە بواری تۆڕی ئارپانێتیشدا جێ پەنجەی دیارە. یەکەم ماوس لە ساڵی 1960دا بەرهەم هات بەڵام ساڵی 1970 پرۆژەکەی خۆی دەرخست و لە ساڵی 1984یش یەکەم ماوسی تایبەت بە کۆمپیوتەری ماکینتۆش بەرهەم هات. ماوسە سەرەتاییەکەی ئینگلبارت زۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو ماوسەی کە ئێستا بوونی هەیە، بەڵام دواتر گۆڕانکاری تێدا کراو و ئێستاش ماوس هەروەك گرنگترین ئامرازی کۆمپیوتەر سەیر دەکرێت.

## کیبۆردێکی بلوتوسی لە گیرفان دەخرێت

مۆبایل و تەبلێت لەگەڵ ئەوەیدا هەڵگرتنیان ئاسانە و بۆ گشت شوێنێك دەگونجێن بەڵام چونکە کیبۆردیان نییە و بەهۆی کیبۆردی سەر مۆبایل یان تەبلێتەکەش ناکرێت وەك پێویست سوودی لێوەربگیرێت، بۆیە کیبۆردی بلوتوسی کە پەیوەند دەدرێن بە مۆبایل یان تەبلێتەوە بەرهەم هاتوون، بەڵام ئەمجارەیان کێشەیەکی دیکە روو دەدات ئەویش ئەوەیە کە هەڵگرتنی کیبۆردەکە دژوارە.

لەم دواییەدا کیبۆردێك بەناوی my-type بەرهەم هاتووە کە بە ئاسانی هەڵدەگیرێت و بە بێ وایەریش لەگەڵ مۆبایل و تەبلێت پەیوەند دەدرێت، کیبۆردەکە دەنووشتێتەوەو لەگەڵ مۆبایلە هۆشمەندەکان و تەبلێتەکان پەیوەند دەدرێت. کاتێك کە دەنووشتێتەوە دوگمەکان دەکەونە سەر یەکتر. بۆ شەحنکردنەوەی کیبۆردەکەش دەکرێت هەر لە تەبلێتەکە یان مۆبایلەکە سوود وەربگریت بە جارێك شەحنکردنەوە هەتا 8 کاتژمێر پێویستی بە شەحن نییە، بە ئاویش تەڕ نابێت و لە مەودای 10 مەتریش دەکرێت تایپی پێ بکرێت.




## لە کۆریا شەڕە گیگایە!



دوو کۆمپانیا بەهێزەکەی کۆریای باکوور واتە سامسۆنگ و ئێل جی وانەبێ هەر لەگەڵ کۆمپانیاکانی دیکە لە رکابەریدا بن، بەڵکو لەگەڵ خۆشیان بە جیددی لە رکابەریدان. لەم دواییەدا هەردووکیان پێکەوە هەوڵیانداوە مۆبایلی هۆشمەند بەرهەم بێنن کە رامەکەیان گیگاکەی لەسەرێ بێت. گیگابایت دەستەواژەیەکە بۆ پێوانەی پرۆگرام و داتای دیجیتالی سوودی لێوەردەگیرێت.

کۆمپانیای LG مۆبایلێکی دیکەی لە جۆری Optimus G بەرهەم هێناوە کە سەرەڕای ئەوەی کە پشتیوانی لە ئەنتەرنێتی خێرا واتە LTE-advanced دەکات، خاوەنی 3 گیگابایت رەمە، لەگەڵ ئەویشدا کۆمپانیای سامسۆنگ گەلەکسی نۆتی 3 بەرهەم هێناوە کە ئەویش رامەکەی 3 گیگابایتە.

سوود وەرگرتن لە رەمی 3 گیگابایتی وا دەکات کە چەندین پرۆگرام پێکەوە بکەیەوە بەبێ ئەوەی مۆبایلەکە تووشی گرفت بێت.

# ماوس کۆچی دوایی کرد





## کامێرایەکی تایبەت بە وێنەی جەماوەری

کامێرا هەرە پێشـــکەوتووەکانیش بەهۆی ئەوەی لێنزەکەیان بچووکە و مەودای بینینی بەتایبەتی ئەگەر سوژەکە لە یەك دوو مەتریدابێت بەرتەسکە، بۆ نموونە گەر وێنەیەکی بەکۆمەڵ بگریت گەر مەوداکە نزیك بێت، گشت کەسەکان دەرناچن.

لەم دواییـــەدا کامێرایەکی دیجیتالـــی بەناوی The dou بەرهەم هاتووە کـــە مەودایەکی بەربەرینتر چێدەکات و ئەگەر وێنەیەکی جەماوەری بگرێت هەتا لە مەودای نزیکشـــدا بێت گشـــتیان دەردەچن. کامێرای ناوبراو دەکرێـــت بە دوو بەش، دەکرێـــت وێنەی خـــودی وێنەگرەکەش لەگـــەڵ جەماوەرەکە دەربچێت.

کامێرای The Duo لە راستیدا لە دوو کامێرا پێکهاتووە کە بەهۆی 4 موگناتیســـەوە پێکەوە پەیوەند دەدرێن، بە داگرتنی دوگمەیەك هەردوو کامێراکە دەست بە وێنەگرتن دەکەن.

## داهاتووی تەلەڤزیۆنی هۆشمەند بەرەو کوێ؟

تەلەڤزیۆن کە دەکرێت بڵێین یەکەمین ئامێر و راگەیاندنی گشـــتگیری بینـــراو بـــوو، لەم چەنـــد ســـاڵەی دواییدا گۆڕانکارییەکی زۆری بەخۆیـــەوە دیوە، بە جۆرێك دەکرێت بڵێین ئایند هی تەلەڤزیۆنە نەك کۆمپیوتەر! چونکە زۆربەی ئـــەو ئەرکانە جێبەجـــێ دەکات کە کۆمپیوتـــەر ئەنجامیان دەدات.



نوێترین تەلەڤزیۆنی هۆشـــمەندی سۆنی کە بە مۆدێلی KD-65X9005A ناسراوە هەنگاوێك لە پێش گشت تەلەڤزیۆنە هاوشێوەکانی خۆیەتی. تەلەڤزیۆنەکـــە 65 ئینجـــە و لە جۆری K4 ە، تەلەڤزیۆنی K4 چەند هەنگاوێك پێش تەکنەلۆژیای فوول ئیچ دییە واتە چوار بەرابـــەری تەلەڤزیۆنی فول ئیچ دی. تەلەڤزیۆنـــی ناوبراو نرخەکەشـــی زۆر لەسەرێیە، نزیکەی دە هەزار دۆلار. (دەفتەرێك). تەلەڤزیۆنەکە سیســـتەمی وای-فای هەیە. خـــۆی لەخۆیدا ســـەتەلایەتی تێدایە، زۆر بەخێرایی بەهۆی سیســـتەمی NFC لەگەڵ مۆبایل و ئامێرەکانی دیکەی دیجیتالی پەیوەند دەدرێت.




## گەر نیازی گۆڕینی دیکۆری ماڵەوەت هەیە سەر لەم سایتە بدە




گەر نیازت هەیە ژیانت گۆڕانی بەسەردابێت و جارجارە دیزاین و دیکۆڕی ماڵەوەتان بگۆڕی، بەڵام نازانی چ بکەی سەرێك لەسایتی www.dwellinggawker.com بدە، سایتێك کە بە قەولی کوردی سەری مارومێرووی تێدایە، هەرچەندە سایتەکە بە زمانی ئینگلیزییە بەڵام گەر وشەیەکیش ئینگلیزی نەزانی دەتوانی سوودی لێوەربگری، چونکە سایتەکە زیاتر وێنەییە، لەم سایتەدا سەدان دیکۆری ژووری چێشتخانەی تێدایە، هەروەها دەیان وێنەی ژووری نووستن، ژووری خوێندنەوە. لەگەڵ چێکردنی ئیسکسوارات لەو شتانەی کە پێتوایە بێکەڵکن و فڕێیان دەدەی.




## قەمسەڵەی تایبەت بە یاری ئەلکترۆنی

زۆر لە کارو ئەرکەکانی رۆژانە پێویستی بە جلوبەرگی تایبەت بەخۆیەتی، جلوبەرگی دکتۆر و سستەرەکان یان کرێکارەکانی پاککەرەوە لەکاتی کارکردندا جیاوازە، جلوبەرگی وەرزشی جیاوازە لە جلوبەرگی ئاسایی، لەم رۆژانەدا قەمسەلەیەکی تایبەت بە یاریی ئەلکترۆنیش بەرهەمهاتووە. بەهۆی ئەو قەمسەلە تایبەتەوە دەکرێت بەتەواوی بچیە ناو ناخی یارییە ئەلکترۆنییەکە، بەرهەمە تەکنەلۆژییە نوێیەکە کە بە ARAIG ناسراوە، قەمسەلەکە چەندین هەستەوەری لەمسی پێوەیە لەگەڵ چەندین بڵندگۆ. ئەگەر کارەکتەری ناو یارییەکەت بۆ نموونە گوللەی پێبکەوێ، یان لێدان بخوات، بەهۆی ئەو قەمسەلەکەوە وا هەست پێدەکەی کە خۆت گوللەت پێکەوتووە یان لێدانت خواردووە. یان ئەوکاتە کە گوللەیەك لە چەکەکەت داوێ هەست بە لەرینەوەی چەکەکە دەکەی. پێدەچێ داهاتووی گەمەی ئەلکترۆنی بەجۆرێك کە کارەکتەری ناو یارییەکە لەگەڵ کاراکتەری راستەقینە لە یەك جیا نەکرێنەوە.

## ئەنتەرنێت لە باڵۆندا

کۆمپانیای گوگڵ لەم دواییەدا تاقیکردنەوەیەکی کردووە لەسەر پرۆژەیەکی زۆر گرنگ ئەویش "ئەنتەرنێتی باڵۆن"ییە. بە نیازە بۆ ئەو شوێنانەی کە تۆڕی ئەنتەرنێتیان نییە وەك ناوچە دواکەوتووەکانی ئەفریقا یان بەشێك لە ئاسیا ئەنتەرنێت بەهۆی باڵۆنەوە بگوازێتەوە.

سەرەتای ئەم هەفتەیە یەکەمین زنجیرەی لە باڵۆنە نوێیەکانی خۆی لە نیوزلەندا خستە ئاسمانەوەو توانرا بەسەرکەوتوویی ئەنتەرنێت بگوازێتەوە. گوگڵ لە راگەیاندراوێکدا رایگەیاند کە خێرایی ئەو ئەنتەرنێتەی کە لە باڵۆنەوە رەوانە دەکرێت وەك ئەنتەرنێتی مۆبایلە یان ئەوەی کە پێی دەوترێت G3.

پرۆژەکەی گوگڵ بە "Loon" ناسراوە. باڵۆنەکان بۆ مانەوەیان و گواستنەوەیان لە ئاسماندا پێویستیان بە وزەیەکی زۆر نییە.

## قفڵێکی هۆشمەند بە


لەمەولا زۆر گرنگ نییە کلیلەکەتان بزر بکەن، یان یەکێك کلیلەکەتان بدزێت چونکە لە سەردەمی دیجیتالیدا قفڵیش دەبێتە هۆشمەند، کۆمپانیایەکی بەریتانی جۆرە قفڵێکی هۆشمەندی بەرهەم هێناوە کە لەگەڵ مۆبایل لە پەیوەندی دادەبێت و تەنیا کلیلکەی مۆبایلەکەت دەبێت.


قفڵی ئاگوست دەکرێت تەنانەت پەسۆردەکەی بدەی بە هاوڕێیان و ئەو کەسانەی لێیان دڵنیایت، قفڵەکە لە ڕێگای بلوتوسی مۆبایلەکەت دەکرێتەوە، لەسەرەتادا پرۆگرامێکی تایبەت بە قفڵەکە لە سەر مۆبایلەکەت دادەنێیت و دواتر کۆدی نهێنییەکەی لێدەدەیت و گلۆپەسوورەکەی قفڵەکە دەبێتە سەوز و دەرگا دەکرێتەوە، گەر گرفتێکیش لە قفڵەکەدا هەبوو، ئوتۆماتیکی ئیمێڵێك بۆ خاوەنەکەی دەنێرێت قفڵەکە بۆ دڵنیایی زیاتر لە هەر دە چرکەدا جارێك دادەخرێتەوە.





## مۆبایل دەکرێتەوە






## بە سپرایەک ئامێرە دیجیتاڵییەکان لە تەڕبوون بپارێزە

تەڕبوون بەڵای لابەلای ئامێرە دیجیتاڵییەکانە، یەکێك مۆبایلێکی بە نرخێکی زۆر کڕیوە بەڵام لەناکاو گلاسێك ئاو یان پیاڵە چایەك ڕیسەکەی لێدەکاتەوە خوڕی و مۆبایلەکەی لەکار دەکەوێت.

کۆمپانیای Ross nanotechnology بەم دواییە سپرایەکی بەناوی neverwet بەرهەم هێناوە کە گەر هەندێك لەو سپرایە بە هەر شتێك دابکرێت ئیدی بەهیچ جۆرێك ئەو شتە تەڕ نابێت، گرنگ نییە ئەوەی سپراکەی پێدادەکرێت هەر ئامێری دیجیتالی بێت تەنانەت دەکرێت کتێب و جلوبەرگ و مێزیش بێت. ئاو بە هیچ جۆرێك بەو شوێنە نانووسێ کە سپراکەی پێداکراوە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز پرسیاری ئەوە دەکات کە هەندێك پرۆگرام و فایلم لەسەر کۆمپیوتەرەکەم سڕیوەتەوە ئایا هیچ ڕێگایەك هەیە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو پرۆگرام و فایلانە.خوێنەری بەڕێز بۆ گەڕاندنەوەی فایلەکان ڕەنگە باش بزانی کە گەلێك پرۆگرامی -recov ery هەن کە ئەرکیان گەڕاندنەوەی فایل و داتاکانە، بەڵام ڕەنگە هەنگاوێکی سەرکەوتوو لەم بوارەدا گەڕاندنەوەی خودی ویندۆز بێت بۆ پێش سڕینەوەی فایل و پرۆگرامەکان، بۆ نموونە گەر ڕۆژی 10ی مانگ فایلەکانت سڕیونەتەوە، دەتوانی ویندۆزەکەت بگەڕێنیەوە بۆ 9ی مانگ.لەسەرەتادا دەبێ System Restore ئەکتیڤ بێت، لەبەشی System Tools پرۆگرامەکانی ویندۆزدا پرۆگرامی System Re-store کلیك بکە و دواتر فەرمانی Restore my computer to an earlier time هەڵبژێرە، ئیدی دواتر فەرمانی next دابگرە، ئەوکات ڕۆژێك بەر لە سڕینەوەی فایل و پرۆگرامەکانت هەڵبژێرە. ئیدی بە ئاسانی ئەو فایل و داتایانەی کە سڕاونەتەوە دەگەڕێنەوە.

## ئایفۆن بکە بە کامێرای سێ ڕەهەندی

ئایفۆن،ڤێرژن لە دوای ڤێرژن پێشکەوتووتر دەبێت و لەماوەی ئەو چەند ساڵەیدا هەزاران ئەپلکەیشن و دەیان ئامێری تایبەت بە ئایفۆن بەرهەم هاتوون. یەکێك لەو ئامێرە دیجیتاڵییانە ئامێری poppyیە کە مۆبایلی ئایفۆن دەکاتە کامێرایەکی سێ ڕەهەندی. گەجێتی ناوبراو یەکەمین گەجێتە کە دەتوانێت ئایفۆن و ئایپاد بکات بە کامێرایەکی 3D. شایانی ئاماژە پێدانە لەگەڵ ئایفۆن و ئایپادە سەرەتاییەکان ناگونجێت.

ئەوکاتە مۆبایلەکەت خستە ناو ئەو گەجێتەوە بە سوود وەرگرتن لە کامێرای مۆبایلەکەتان و ئاوێنە تایبەتییەکان دوو وێنەی بەرجەستە تۆمار دەکات و ئەوکاتەی کە بە چاو سەیری دوو وێنەکە دەکەی لێنزەکانی Poppy دوو وێنەکە دەکات بە وێنەیەکی سێ ڕەهەندی.